# درێژکردنەوەکانی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان رابگرن..!

## یاداشتنامەی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

بۆ بەڕیزان :

- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- رێکخراوە بیانی و نێودەوڵەتییەکان

سەرجەم کونسولخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی فیدرال
- پەرلەمانی کوردستان
- حکومەتی هەرێمی کوردستان
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

دوای تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بەسەر ناشەرعیبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، لەبری هەڵبژاردن بە پێی پەیڕەوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامەکانیان بە تەعینات دانران.

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە (٢٤-٩-٢٠١٨)وە وادەی یاساییان تەواوبووە و بۆ کاتێکی نادیار تەمەنیان درێژکرایەوە.

پەرلەمانی کوردستانیش لە ماوەی چوار خولی هەڵبژاردنیدا حەوت جار تەمەنی خۆی درێژکردۆتەوە و بڕیارە رۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩)پەرلەمان بۆ هەشتەمین جار بە پاساوی ئەوەی نەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی پێشنیازەیاسای درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدات.

ئەگەر گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت و هەڵبژاردن شەرعیەت بداتە دامەزراوەکان کەواتە بە درێژکردنەوەی خۆبەخۆی تەمەنی پەرلەمان هیچکام لە دامەزراوەکانی پەرلەمانی

**کوردستان و کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان شەرعیەتی دیموکراسی و هەڵبژاردنیان نامێنێت، لەکاتێکدا هیچ پاڵپشتی و سەنەدێکی یاسایی و دەستووری لە ئارادا نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم درێژکردنەوەیە.**

**حزبە پێکهێنەرەکانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم هەنگاوە نا-شەرعییەیان ئەوەیان بۆ هەموومان دەرخست و دووپاتیانکردەوە کە خەمی ئەوان بوونی یاسایەکی هەڵبژاردن نییە کە تێیدا ڕەگەزەکانی عەدالەتی هەڵبژاردن و عەدالەتی نوێنەرایەتی جوگرافی و ئیرادەی دەنگدەر دەستەبەر بکات، بەڵکو ئەوان تەنها و تەنها بە شوێن ئەوەوەن لە هەرەمی دەسەڵاتدا بمێننەوە و چەندێک بۆیان بکرێت هەڵبژاردنە گشتییەکان لە بنچینەدا نەهێڵن و ئەگەر ئەوەشیان بۆ نەچووە سەر بتوانن هەڵبژاردنێکی شکڵی و ڕواڵەتئامێزی پڕ لە تەزویر و ساختە ئەنجام بدەن کە بردنەوەی خۆیانی تێدا مسۆگەر بێت، یاخود ئەگەر ئەم دووانەشیان بۆ نەکرا وەک ئێستا هەوڵبدەن لە ڕێگەی زۆرینەیەکی ستەمکاری پەرلەمانییەوە بۆ ماوەیەکی کورت درێژە بە دەسەڵاتی ناشەرعی خۆیان بدەن.و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دوابخەن و تەمەنی پەرلەمان درێژبکەنەوە.**

**ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە توندی ئیدانەی درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین و بە پێشێلکردنی سەروەری یاسا و لەباربردنی شەرعیەتی دامەزراوەکان و پاشەکشەی دیموکراسی دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا و لێکەوتە خراپەکانی دەخەینە ئەستۆی هەر سێ هێزی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) و هەموو ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئیمزایان لەسەر پێشنیازە یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کردووە بەوانەشەوە کە دەنگ لەسەر پەسەندکردنی پێشنیازە یاساکە دەدەن.**

**فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی**

**2022-10-09**

## فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**Federation of Civil Society Organizations**

**تۆڕێکی سەربەخۆی خۆبەخشی قازانجنەویستە، کە (12) ڕێکخراوی ناحکومی لەخۆگرتووە و ڕۆژی (2006-08-02) لە شاری سلێمانی دامەزراوە و وەک گروپێکی مەدەنی فشارئامێز هەوڵدەدات لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی**

**ناوی ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆن :**

1- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

2- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ- DHRD

3- ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان

4- ناوەندی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ

5- ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کەلتوری مەدەنی ARAN

6- ڕێکخراوی گەشەپێدانی چالاکی لاوان YADC

7- ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک)

8- ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان- WOLA

9- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY

10- ڕێکخراوی هەڵوێست

11- ڕێکخراوی تیمی ئاشتی جڤاکی CPT

12- ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان